www.kurdistannet.org

# قورئانەکان

**تەها ئەمین**
mailthaladni@telia.com


5

ملحق (أ) صورة عن سورة الولاية في مصحف الشيعة المحرف!!

سورة الولاية سبع آيات

بسم الله الرحمن الرحيم

يا أيها الذين آمنوا آمنوا بالنبي والولي اللذين بعثناهما
يهديانكم إلى صراط مستقيم ۞ نبي وولي بعضهما من بعض
وأنا العليم الخبير ۞ إن الذين يوفون بعهدهم لهم جنات النعيم
والذين إذا تليت عليهم آياتنا كانوا بآياتنا مكذبين ۞
إن لهم في جهنم مقاما عظيما إذا نودي لهم يوم القيامة أين
الظالمون المكذبون للمرسلين ۞ ما خلفهم المرسلين إلا
بالحق وما كان الله ليظهرهم إلى أجل قريب ۞ وسبح بحمد ربك
وعلي من الشاهدين ۞

کلیکی ئێرەش بکە

ئاشکرایە کە قورئان پاش مردنی موحەمەد کۆکرایەوە . موحەمەد هیچ کاتێ هەوڵی نەدا قورئان کۆبکاتەوە . سەحیح بوخاری ئەڵێت : کاتێ ئەبو بەکر لەشەڕی یەمانەدا دیتی کە ئەوانەی قورئانیان لەبەر بوو ووردە ووردە دەکوژران . بۆیە زەیدی کوڕی سابیت بانگ کرد . کە عومەری کوڕی خەتابیش ئامادە بوو. مەترسی لەناوچوونی قورئانی پێڕاگەیاند . ئەبوبەکر ووتی : پێشنیار دەکەم تۆ هەستی بە کۆکردنەوەی قورئان ! زەید ووتی : من چۆن کاری وا دەکەم کە موحەمەد خۆی شتی وای نەکرد . مێژوو نوسان نوسیویانە کە تەنها ( ٥ ) کەس قورئانیان باش لەبەربووە.

١.عەلی کوڕت ئەبوو تالیب.

٢.زەید کوڕی سابت.

٣.ئەبی کوڕی کعب.

٤.معاز کوڕی جیل.

٥.عەبداللە کوڕت مسعود.

کاتێ زەید قایل نەبووبەوکارە هەستێ . بەدوای کەسانێکی کەدا دەگەڕان٬ کەقورئانیان لەبەربوایە . لەپڕ هەوڵی کوشتنی ئەویشیان دەبیست . المساحف.

ئەوەی ڕاستی بێ عەلی کوڕی ئەبوو تالیب لە پێش هەموو کەسەوە بیری لە کۆکردنەوەی قورئان کردوتەوە. کاتێ موحەمەد مرد , دەورو بەر سەرگەرمی بەشکردنی میراتی بوون . بەلام عەلی دیار نەبوو . ئەوەبوو ئەبوبەکر هەڵبژێردرا بە جێگر (خەلیفە) . ئەبوبەکر بە عەلی ئەڵێ : بیستومە کە نەفرەتت لە هەڵبژاردنەکەی من کردووە ؟ عەلی ئەڵێ : نەبەخوا.
دووبارە ئەبوبەکر ئەڵێ : ئەی بۆ دورە پەرێزی لێمان ؟
عەلی ووتی : بەخۆمم ووت کە فەرمانی سەرشانی هەموومانە' قورئان کۆبکەینەوە. بۆیەبڕیارم دا لەنوێژ بەولاوە کاریکە نەکەم. جگە لە کۆکردنەوەی قورئان . (الاتقان ل ٢٠٣ )

چونکە هەرسێ جێگرەکەی موحەمەد ناحەزی عەلی بوون. هەرچیان کرد . نەیان توانی قایل بوونی عەلی و دۆستەکانی موحەمەد بەدیبهێنن . چونکە لەزۆرجێگەدا باسی دلێری عەلی کراوە لە قورئاندا . قورئانی ئەمڕۆمان کە ناوبانگی بە قورئانی عوسمانی دەرکردوە . نازناوەکانی کەبۆعەلی دیاریکراودەرهێنراوە. هەروەها عوسمانی کوڕی عەفان زۆر بۆچوونی خۆشی هاویشتە سەر قورئان . بەوشێوەش قورئانی ناونوسکرد . کە خۆی ویستی . بۆیەش لەسەردەمی عوسماندا مل ملانێی گەورەو خوێناوی پەیدا بوو . لە سەر شێوەی خوێندنەوەی قورئان هەر ئەو هۆیەش بوو بە هۆی کوشتنی عوسمان .
( الایقان , ل ٢٠٩)

عوسمان قورئانێکی لە مالی ئایشە ژنی موحەمەد دەرهێنا . کەلە هەموویان باشتر دەخوێنرایەوەوبڕیاری دا کە هەمان قورئان بەهەمان زاراوەی قورەیشی بەگەم بکرێ . چونکە ئەوکاتەو ئەمڕۆش هەرناوچەو زاراوەی خۆی هەبووەو هەیە . وەئەگەر هەرناوچەو بەزاراوەی خۆی قورئانیان بنوسیایە ئەوا واتاکانی ئایەکان دەگۆڕدرا . پاش بەگەم کردنی تەواو' پێنج وێنەیان لەبەر نوسیەوەوعوسمان بڕیاریدا کە ئیتر تەواوی قورئانەکانی تر بسووتێنن . لەوەت خۆی پێنج وێنە هەریەکی دانەیە بۆناوچە ئیسلامیەکان یەکی نمونەیەکیان بۆ ڕەوانەکرێ . هەرهەمان ڕۆژ کەقورئان پەسەندکرا, عەلیش قورئانەکەی خۆی بارکردە ووشترێ ' تا بیباتە مەیدان . کاتێ عوسمان بەمەی زانی خێرا ناردیە دوای. هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد . گەر نەگەڕێتەوە . پێشیان ڕگەیاند . کەجیاوازی قورئانەکان دەبێتە هۆی شەڕو بەشێکیت زۆری قورئان و ئیسلامیش لەناو دەچێ . عەلیش باوەڕیکردو گەڕایەوە مالەوە . ئەم قورئانەی ئەمڕۆ هەمان قورئانی عوسمانە.

## قورئانی عەلی

تەواوی مێژوو نووسانی ئیسلامی لەو باوەڕەدان کە, قورئانەکەی عەلی لە هەموویان باشتر داڕێژراوە.
شتی نابەجێی و ئایە دژی ئایەی لێدەرهێنراوە. هەروەها ئەوئایانە باسی پالەوانی عەلی دەکەن ماون . بەلام ئایا بۆ عەلی قورئانەکەی خۆت لەکاتی فەرمان ڕەوایدا نەچەسپان ؟

©Kurdistan Net

کە عەلی جێگەی عوسمانی گرتەوە .عوسمان وەک پاشایەکی درندە کۆمەڵێ تەڵەی نەتەقیوی لەپاش جێما. کوشتنی عوسمان ڕێبازی بزوتنەوە چینایەتیەکەی نەگۆڕی . بەڵکوو یەخەی عەلیشی گرتەوە . شەڕوو ناڕەزایی ٥ ساڵ فەرمان ڕەوایی , کاتیان نەدایە عەلی تا قورئانەکەی بە خەڵک بناسێنێت. یا بە دەستی ئیبن ملجم مراد ئەویش کوژرا. .

شەڕەکانی عەلی

١.شەڕی جەمەل لەگەڵ ئایشەی ژنی موحەمەد.

٢.شەڕی سەفوان لەگەڵ معاویە.

٣.شەڕی نەهرەوان لە خەوارج.

معاویە کەهەستی کرد , کە ورەی لەشکرەکەی بەرەو ڕوخان دەچێ لەشەڕی سەفواندا . بڕیاری دا کە قورئانەکان بنێنە سەر سەرەنێزەکانیان. تا قورئان دادگاییان کا .

بەڵام عەلی فەرمانی دا کە قورئانەکانی سەر سەرە نێزەکانیش بخەنە خوارەوە. ئەمەش بوەهۆی ناڕەزایی بەشێ لە لەشکرەکەی' عەلی .

عەلی ووتی : ئەوەی بەسەر سەرەنێزکانەوەیە چەرمو , ئاویتەی (مرکەب) نوسین.

من قورئانی قسەکەرم . قسەکانی عەلی بەشێ لە ئیسلامەکانی قایل نەکردو جیا بونەوەو شەڕیان دژی عەلی کردو ناو نران خەوارج .

بەلام عەلی بەشێوازی جیا جیا باسی قورئانەکەی خۆی دەکا . تەنانەت لە (نهج البلاغه)دا باسی بۆچوونی خۆی کردووە . هەروەها زانای باوەڕپێکراوی ئیسلام شێخ سدوق ووتویە کە ئەو قورئانەی ئەمڕۆ قورئانەڕاستە کە نیە . تەنانەت هەندێ زانایترش شێخ کلینی , سەیوتی , بخاری, ئەو جۆرە بۆچونانەپشت ڕاستدەکەنەوە ' کە باوەپێکراتریانن . .

قورئانی عبدالله بن مسعود

ئەم قورئانەش جیاوازی زۆرە لەگەڵ قورئانی ئەمڕۆمان..

فەسل بن شادان :ئەڵێ قورئانەکەی بەم شێوەیە.

1.بقرە.

2.نساء . ١٨.سحبە.

3. ال عمران المس . ١٩.ق .

4.انعام . ٢٠.طلاق.

5.مائدە . ٢١.جائیە.

6.ملاءکە . ٢٢.یبارک الزی بیدە الملک .

7.الزین کفروا . ٢٣.تغابون .

8.حوامیم . ٢٤.حوارین .

9.مسبحات حم موءمن . ٢٥.قل ا وحی.
10.حم . ٢٦.انا ارسلنا نوحا .
11. زخرف . ٢٧.یا ایها النبی لم تحریم.
12. سجده . ٢٨.اقربت الساعه .
13.احقاق . ٢٩.سأل سائل .
14.جائیه . ٣٠.هل اتی علی الانسان .
15انا فتحنا . ٣١.ازا الشمس کورت .
16. سبح . ٣٢.ازا السماء انفطرت.
17تتریل . ٣٣. هل اتی حدیس الغاشیه .

سەرجەمی ئایەکانی (١١٠ ) ن.

1.جیاوازی ناونیشانەکانی ئایەکان دوورو درێژ.
2.دوو سورەی سوجدە تێدایە.
3.دووسورەی حوامیم, مسبحات تەنیا لە قورئانی عبدللە دایە ولەهیچ قورئانێکی کەدانیە.
4.هەندێ لەسورەکانی عبداللە جیاوازی زۆرە لەگەڵ قورئانی ئەمڕۆمان .بۆ نمونە سورەی (والعصر) زۆربە دەزانین چۆنە . بەلام لە قورئانی عبداللە بەم شتێوەیە.
و العصر لقد خلقنا الانسان و انە فیە الی اخر الدهر االاذین امنوا وتوصوا بلتقوی و تواصوا با لصبر.

قورئانی ئەبی بن کعب

دووبارە فەسڵ بن شادان : ئەڵێ یەکێ لە هەڤالانمان .کە جێگەیت باوەڕمانە لای موحەمەد بن عبدالمک الانساری قورئانێکی دیوە . ووتویە : کەلە باوکیەوە بۆی ماوەتەوەو پشتاو پشت گەشتۆتە دەستی ئەو . نزیک گوندی النسار نزیک شاری بەسرا. قورئانی ئەمیش بەم شێوەیەیە.
1فاتحە . ٢.بقرە .٣.نساء4. ال عمران .٥.انعام .٦.اعراف .٧.مائدە .٨.انفال .٩. داود .١٠ .طهار. ١١.انسان .١٢.نبی .١٣.وهی اهل الکتاب . ١٤.الم یکن اول مکان . بەکورتی سەرجەمی سورەکانی ناگاتە ١١٦ . وە چەند سورەیەک وەک داود, نبی,طهار. بەهیچ شێوەیەک لە قورئانی عوسمانیدا بەدیناکرێ . الفهرسی ابن ندیم ل ٤٦.
هەڵبەت نوسراو زۆرن دەربارەی جیاوازی قورئانەکان لێرەدا (٧) یان ناودەبەین.
1.جیاوازی لەسەر قورئانی خەڵکی کوفە, بەسرە, نووسینی کسائی.
2.پەڕتووکی جیاوازی لەسەر قورئان نووسینی خەڵەف.
3.پەڕتووکی جیاوازی لەسەر قورئانی خەڵکی کوفە , بەسرە, شام . نووسینی فراء.
4.پەڕتووکی جیاوازی لەسەر قورئان نوسینی ابن داود سجستانی..
5.پەڕتوکی مەدائنی لەسەر جیاوازی قورئان نوسینی مەدائنی.

©Kurdistan Net

.6پەڕتووکی جیاوازی لەسەر قورئانی خەڵکی , شام , حجاز , عێراق. نووسینی عامر احسبی
.
.7پەڕیوکی جیاوازی لەسەر قورئان , نوسینی عبدالرحمن ئەسفەهانی..
کەواتە دەبیینن کە هەزارەها ڕووپەل نوسراوە لەسەر جییاوازی قورئان.
لە هەمووشی گرنگتر قورئانی سەرەتایی بێخاڵ بوە!
واتـا:جـیاوازی نـەبوە لـە نـێوان ف ق ج ح خ ز ر ب ت ن ی س ش ئ ء ز ر گ ک ع غ هـتد ...............بۆ تەواو کردنی پیتەکان یان بۆ ئەوەی لە قورئان تێبگەن کەڵکیان لە ڕێزمانی کوردی وەرگرتوە,بەڵام ئەوەیان بابەتێ دوروو درێژە,پاشتر بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین کە قورئانی بێخاڵ بە پیتی کوردی تەواو کراوە.

تێبینی
هەندێ پیتم بۆ نەنوسرا کە عەرەبین'ببورن.

©Kurdistan Net